بافڵ تاڵەبانی بڵ مووچەخۆران: دەنیابن دوای جەژن هەوڵەکانمان چڕترددەکەینەوە تاوەکو تەواوی بەربەستەکان لابدەین



بافڵ جەڵال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپەیامێکدا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە رایدەگەیەنێت، "نیگەرانم لەوەی موچەخۆران بەبێ وەرگرتنی موچەکانیان پێدەنێنە ئەم جەژنەوە" و دەشڵێت، "دەنیابن دوای جەژن هەوڵەکانمان چڕترددەکەینەوە تاوەکو تەواوی بەربەستەکان لابدەین".

بافڵ جەڵال تاڵەبانی لەپەیامێکدا باویکردەوە، "بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە لەدڵەوە پیرۆزبایی گەرم لەموسڵمانانی کوردستان، عیراق و جیهان دەکەم و هیوای جەژنکی پڕکامەرانییان بڵ دەخوازم".
راشیگەیاندوە، "نیگەرانم لەوەی موچەخۆران بەبێ وەرگرتنی موچەکانیان پێدەنێنە ئەم جەژنەوە، ئەوە غەدرکی گەورەیە کەموچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەو مافە سەرەتاییەیان بێبەش بکرێن".
ئەوەشیخستەڕو، "دەنیابن دوای جەژن هەوڵەکانمان چڕترددەکەینەوە تاوەکو تەواوی بەربەستەکان لابدەین و بەهەر ڕێگەیەك بێت دەرچەیەك بڵ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە

گەورەیە بدزینەوە".